# شێخ عەلی عەبدولڕەزاق

پ. د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی ئاداب)

(١) لە ٣ی نەورۆزی (مارتی) ساڵی ١٩٢٤ز ئەفسەرێک لە تورکیا کە تاوەکوو ئێستا ئاشکرا نەکراوە سەر بە چ نەتەوەیەکە، بە ناوی مستەفا کەمال (ناسراو بە ئەتاتورک) لە شاری ئەنکەرە، ئەم سەردەمە شاری ئەستەنبوڵ پایتەخت بووە، بە یەکجارەکی نەزم و ڕژێمی خەلافەتی چوار سەدەی عوسمانی لێک هەڵپچڕاند و کۆتاییەکەی ڕاگەیاند، لە جێگەیەکدا ڕژێمی نەتەوەیی نەژادپەرستی شۆڤێنیستی تورکی ڕاگەیاند کە ئەو بە کۆماری تورکیا ناوی بردووە. یانی تورکییە!! دوور نییە هەندێک سەرچاوە وای دابنێن کە ئەو کودەتا سەربازییە لە سەرەتادا جۆرە پێشکەوتنێکی پێوە دیار بووە، ئەگەرچی لە دواییدا گۆڕانی سەرتاپاگیر، بەرەو دواوەی بە دوادا هاتووە، وەک گالسکەیەک بەرەوپێش دەڕوا، بەڵام سەرنشینەکەی چاووڕووی هەر لە دواوە بووە.

ئەو کودەتایە ڕووداوێک بووە، شەممە بە کەس کەس، ئەگەر بۆ نەتەوەی تورک و هەندێک وڵاتانی ناوچەکە، بە تایبەتی عەرەبەکان، خێروخۆشی پێ بووبێ، بۆ میللەتی کوردی ستەمدیدە سەرەتا و دەستپێکی بێ کۆتایی ئەو بارودۆخە سەخت و دژوارە بووە کە تاوەکوو ئێستاش پێوەی گیرۆدەیە و بە دەستییەوە دەناڵێنێ، پارچە پارچەکردنی وڵات و خاکەکەی،

بێبەش بوونی لە گشت مافێک کە شایستەی مرۆڤ بێ، ئەو مافەی هەموو مرۆڤانی سەر زەوی بە جۆرێک لە جۆرەکان پێی شادبوون، تەنیا کوردە ستەمدیدەکە نەبێ کە لەو مافە ڕەوایە بێبەشە.

- لایەنی ئاڕێی ئەو کودەتا سەربازییە، ئەوەندەی پێوەندی بەو بابەتەوە هەیە کە کەرستەی توێژینەوەکەمانە لەوەدا بەرجەستە بووە کە بۆ هەتا هەتایی ڕژێمێکی بێ دادی ستەمکاری تۆتالیتێری داگیرکەری میللەتانی ڕۆژهەڵات و بەشێک لە باکووری ئەفەریکای بە ناوی ئایینەوە زیندە بەچاڵ کرد.

لە لایەکی ترەوە وڵاتانی عەرەب و جیهانی ئیسلامی سوننە مەزهەب بۆ یەکەم جار جۆرە هەوایەکی ئازادییان هەڵمژیوە و بەبێ بوونی ستەم و زۆرداری جەندرمەی بەدکار و دزێوی عوسمانلی و ڕاووڕووتیان ژیان و کاروباری ڕۆژانەیان بەبێ سەرانەدان و ستەم لێکران بەسەر بردووە. لەوەش گرینگتر، ئیتر هیچ سەرۆکێکی ئەو وڵاتانە نەیانتوانیوە نازناو و خەسڵەتی خەلیفەی ئیسلام بەکاربەرن و سوودی لێ وەربگرن، لە جێگای خەلیفە کە خۆی بە نوێنەری ڕەببانی لەسەر زەوی داناوە شا و قەڕاڵ و سوڵتان و میر جێگایان گرتووەتەوە ئەمەش لە خۆیدا جۆرە بارگۆڕینێک دەردەخات.

- ئەگەر شۆڕشی ساڵی ١٧٨٩ز فەرەنسا و دروشمەکانی و هەڵمەتی ناپلیۆن کە میسری ڕزگارکردووە، لەبەرچاو بگیرێن، ئەو ڕەوشە سەرئاو دەکەوێ کە بە پرۆسەی نوێکردنەوە، چاکسازی، ژیانەوە ناوبراوە. ئەو پرۆسەیە لە سێ بەرەدا دژی سەلەفییەتی ئایینی و مەزهەبی، ستەمی شا و قەڕاڵ و سوڵتانەکان (ڕەهەندی سیاسی)، دژی داگیرکارە ڕۆژئاواییەکان (فەرەنسا و ئینگلیز) لە سەنگەردا بووە و شیروتیری لێ سویون.

٢- لە وڵاتی میسر کە ئەوسا شا (مەلیک ئەحمەد فوئاد لەسەر کاربووە و بە ناوی ئایینەوە دەسەڵاتی تۆتالیتێر و ستەمکاری بەسەر گەلی ئەو وڵاتەدا سەپاندووە لەناو جەرگەی دامەزراوی ئایینی ئەزهەر کە لە جیهانی عەرەب و ئیسلامدا ناوەندی سەرەکی سوننەکان بووە، خامەیەکی بوێر و ئازا و چاونەترس، سوارچاکێکی چاپووکی مەیدانی جەنجاڵ ئامێزی چاکسازی و نوێکردنەوە دەرکەوتووە. ئەو کەڵە هزرمەندە شێخ عەلی عەبدولڕەزاق بووە، شاکارێکی داناوە و بە زمانی عەرەبی بڵاوی کردووەتەوە و بە ناوی (ئیسلام و بنەماکانی حوکمڕانی) (ساڵی ١٩٢٥) شۆڕشێکی سەرتاپاگیری لەنێو ئەزهەر و ڕۆشنبیر و هزرمەندانی جیهانی عەرەب و ئیسلامدا بەرپا کردووە و تەختی مەلیکی هێناوەتە لەرزین، پیاوە ئایینییە سەلەفییە کۆنە پارێزەکانی قەڵس و نارەحەت کردووە، لەناو ئەزهەر و لە دەرەوەیدا هاواریان لێ هەستاوە و داوای لەناوبردنی کتێبەکە و نووسەرەکەیان کردووە و تارادەیەکیش ئەو داواکارییە ناڕەوایەیان سەری گرتووە.

ئەو شاکارە ساڵی ١٩٢٥ز لە میسر چاپ و بڵاوکراوەتەوە. نووسەرەکەی شێخ عەلی زانایەکی ڕابەری ناوەندی ئەزهەر بووە. پاش ماوەیەک مەلایەکان لێی کەوتوونەتە گەلەکۆمەکێ و کۆشکی مەلیکیان هان داوە پشتگیرییان بکات بۆ دادگایی کردنی نووسەرەکەی و لە ئەزهەر دەربکرێ و لە گشت مافێکی (سیڤیلی) شارستانی بێبەش بکرێت!

ئیتر کۆششەکە سەری گرتووە، لیژنەیەکی

باڵا لە ناوەندی ئەزهەر پێکهاتووە، ئەوانەی ئەندام بوون تێیاندا بە سەرۆکەکەیەوە دەستبژێری ئاراستە سەلەفییە کۆنەپارێزە هزر و چەق بەستووەکانی ئەو ناوەندە ئایینییە بوون. ماوەیەکی دیاریکراو بۆ دادگایی کردنەکە دەستنیشان کراوە. دەرفەتیان بە شێخ عەلی داوە ماوەیەکی کەم وەڵامی ئەو تۆمەتانە بداتەوە کە خراونەتە پارسەنگییەوە.

تۆمەتەکانیش لە حەوت خاڵدا کۆکراونەتەوە:

گوایە نووسەر لەو کتێبەیدا بەو جۆرەی خوارەوە کارێکی ناڕەوای بەرانبەر بە ئیسلام کردووە و بنەما و ڕێنماییەکانی ئایین و شەریعەت و فیقهی پێشێل کردووە.

**یەک:** نووسەر (شێخ عەلی) پێی لەسەر ئەوەدا گرتووە کە شەریعەتی ئیسلام هیچ پێوەندیەکی بە حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتەوە نییە !

**دوو:** ئەو کۆششەی پەیامبەری ئیسلام کردوویەتی تەنیا هەر لە پێناوی موڵک و ماڵ و ساماندا بووە، نەک لە پێناوی ئایینەکەدا، گەیاندنی بانگەوازی ئایینەکەش بۆ سەرانسەری جیهان و میللەتان مەبەستی ئەو نەبووە و بیری لێ نەکردووەتەوە!!

**سێ:** نەزمی حوکمڕانی بەڕێوەبردنەکەش لە سەردەمی پەیامبەری ئیسلامدا تەمومژاوی و ئاڵۆز بووە، نادیار و شێواو بووە و بووەتە مایەی حەپەسان.

**چوار:** ئەرکی ئەوسای سەرشانی پەیامبەری ئیسلام، ڕاگەیاندنی شەریعەتی ئایینەکە بووە، دوور لە حوکمڕانی و جێبەجێکردنی کاروباری سیاسی!

**پێنج:** سەحابەکان لە سەرەتاوە ڕازی نەبوون (ئیمامێک) دابنێن و پێیان لەسەر ئەوەدا گرتووە کە ئوممەت بە گشتی و تێکڕایی لە کاروباری ئایین و دنیادا خۆی بەڕێوەبەرێ و مشووری خۆی بخوات.

**شەش:** نووسەر لاری لەوە بووە کە دادگا و (قەزا) ئەرکێکی شەرعی بێت.

**حەوت:** حکوومەتی ئەبوبەکر و خەلیفە ڕاشیدینەکان و ئەوانی دواتریش سیاسی بووە و هیچ پێوەندییەکی بە ئایینەوە نەبووە (١).

ئەو بەناو لیژنەیە سەرکەوتنی بە دەست هێناوە و تۆماتەکانیان بەسەر (شێخ عەلی) دا سەپاندووە، لە ئەزهەر دەرکراوە، نازناوە ئایینی و پلەوپایەکانی لێ سەنراونەتەوە، کتێبەکەی قەدەغە کراوە و لە گشت مافێکی بێبەش کراوە، ئیتر ژیانێکی سەخت و دواتر (کولەمەرگی) بەسەردا سەپێنراوە.!!

کەوابوو شێخ عەلی عەبدولڕەزاق چ کەسێکە؟! ئەو تۆمەتانەی خراونەتە پارسەنگییەوە، تا چەند ڕەوا و ڕاستن؟! ناوەڕۆکی شاکارەکەی (ئیسلام و بنەماکانی حکومڕانی) چییە و چۆنە؟ ئایا مەبەستی شێخی هزرمەندی ئەزهەری چاکسازی سیاسی بووە، یان ئایینی؟ یان هەردووکیان پێکەوە؟!

٣ - ڕاستە ئایینی ئیسلام وەک دوو ئایینە ئیبراهیمییەکەی دیکە هەر لە سەرەتا و دەستپێکەوە لەگەڵ خۆی نەخشەڕێگا و کێشەی هێناوە، ئەگەر سوود لە نەخشە ڕێگاکە وەرگیرابێ، ئەوە کێشە و تەنگژەکانی تا ڕادەیەکی بەرچاو هەر ماونەتەوە، دوور نییە لە ڕوخساردا گۆڕانی بچووک و هەندێکی بەسەر کێشەکاندا هێنرابێ، بەڵام لە ناوەڕۆک و چوارچێوە گشتییە هەمەکییەکاندا گەرموگوڕی خۆیان لە دەست نەداوە، بگرە لە گشت سەردەمێکی ژیاندا بوونەتە مایەی هاندان و وروژاندنی هزرمەندە ئایینی و سیاسییەکان هەنگاو

هەڵبگرن و کۆششی چاکسازی و نوێکردنەوە بکەن.

ئایین قسە لە داد و دادپەروەری ڕەببانیەت دەکات، کەچی سەرانسەری دنیا لێوان لێو پڕە لە ستەم و بەدکاری و بێ دادی.

ئایین لە جێگای خۆی چەقی بەستووە، تاکە هەنگاوێک بەرەوپێش نەچووە، کەچی کولتوور و شارستانیەت و زانست بە هەنگاوی شۆڕش ئامێز بەرەوپێش دەچن و ژیان و جیهانیان لە چەند ڕەهەندەوە بەرەو چاکتر و مۆدێرنیتە بردووە، بۆچی دەبێ ئایین چاوی بە زانست هەڵنەیەت و لەگەڵیدا نەیەتەوە؟! ئایا دەکرێ بگوترێ، ئایین لەلای خۆیەوە، ئەگەر ڕاستودروست، بەپێی بنەماکانی لۆجیک و ژیر لێک بدرێتەوە و شرۆڤە بکرێ، روون دەبێتەوە کە دید و سەرنجێکی سەرتاپاگیری، لە هەردوو لایەنی گیانی و ماددیدا، بەرانبەر بە مرۆڤ و ژیان و دنیا هەیە؟! ئەوەش وا دەگەیەنێ کە ئایین وەک ئامرازێک بۆ کاروباری بەڕێوبردنی دەوڵەت و کۆمەڵگە (سیاسەت) نامۆ نییە و دەکرێ پشتی پێ ببەسترێ!! لەو کەشوهەوایەدا، لە گەرمە و جەنجاڵیی ئەو کێشانەدا شۆڕەسواری چاکسازی نوێکردنەوە ئەزهەری شێخ عەلی عەبدولڕەزاق ئەسپی هزر و خامەی تاوداوە و بوێرانە و ماندوونەزان کۆشاوە ساغی بکاتەوە کە:

- ئیسلام پەیامە و حوکمڕانی کردن نییە (٢).
- ئایینە، دەوڵەت نییە!
- ئیسلام ئایینی یەکسانی و برایەتی و سەربەرزی و شکۆمەندییە.
- کەچی خەلیفە و میر و والی و سوڵتان کە بەناوی ئایینەوە دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست، ستەمکاربوون، بە زەبروزەنگی هێز و سەرکوت کردن و توندوتیژییەوە حوکمڕانیان کردووە (ک١، ل١٢٧ — ١٣٠). مەبەستی سەرەکیشیان پاراستنی تەخت و کورسی (عەرش) و دەسەڵاتیان بووە و بەو ڕادەیەش خەمی بەرپەرچدانەوەی مەترسی دەرکی و رووبەڕووبوونەوەی کێشەی ژیانی هاووڵاتییان (ئوممەتیان) نەبووە.

ئەو کۆششە چاونەترسەی شێخ عەلی ئەزهەری ئەڵقەیەکی پێشکەوتووی ئەو هەوڵە دلێرانەی چاکسازی و نوێکردنەوە بووە کە موعتەزیلە و ئیبن ڕوشدی ئەندەلووسی دەستیان داوەتێ، تاوەکوو کۆتایی سەدەی نۆزدە کە لەلایەن جەمالەددینی ئەفغانی و محەمەد عەبدو زیندوو کراوەتەوە و هەوڵی پیادەکردنی دراوە. ڕاستە ئەو شێخە جوامێرە، ئەو هەوڵەی، زۆری لە سەرکەوتووە، بە درێژایی ژیانی لە هەموو مافێکی شارستانی (سیڤیل- هاووڵاتی) بێبەش کراوە، جگە لەوەی ناچار بووە خانەی گۆشەگیری هەڵبژێرێ و ژیانێکی سادە و ساکار بەسەر بەرێ، بەڵام وەک ئیبن ڕێوەندی گوتوویەتی:

چ کاتێک دانایی سەر بە ڕزق بووە؟ چەندان پیاو ماقووڵ و خانەدان و دانا گیرۆدەی دەستی ناکەسبەچە بوون؟!

شێخ عەلی دانا و دانیشمەند و زانای ئایینی سەردەمی خۆی بووە، بوون و ڕۆڵی کارای خۆی بەپێی ئەو پلەوپایەی پێی سپێردراوە، بە تەواوی پشت ڕاست و جێگیر کردووە. بەرچاو روونی دەربارەی پەرەسەندن و پرۆسەی بەرەوپێشچوونی مێژوو هەبووە. لەوە ئاگادار بووە کە چۆن ناوەندی ئەزهەر فەتوا بۆ پشتگیری کردنی دەسەڵاتی ستەمکاری مەلیکی میسر و کاربەدەستەکانی دەدات، بۆیە بە دڵ و بە گیان کۆششی گۆڕینی کردووە لە پێناوی ئازادی بیرورا و هزر و بیرکردنەوە و دەربڕین

تێکۆشـاوە.

- پـاش دادگایـی کردنێکـی ڕوخسـارەکی - دەڵەمەیـی کـە لـە چـواردە ئەندامـی ئەزهـەر بـۆ ئـەم مەبەسـتە بـە تایبەتـی دەسـتبژێر کرابـوون، بڕیـار دراوە شـێخ عەلـی عەبدولـڕەزاق کـە زانایەکـی ئایینـی ئەزهـەرە دادوەری شـەرعی دادگای مەنسـوورەیە و نووسـەری کتێبـی: ئیسـلام و بنەماکانی حکومڕانییە لەنێو زاناکان دەربکرێ و لـە هەمـوو مافێکـی بێبـەش بێـت (٣) (١٢ی گەلاوێـژ- ئـاب - ١٩٢٥ز قاهیـرە).

٤- ئـەو شـاکارە بـە قـەوارە بچـووک و بـە ناوەرۆک بـە پێـز و گـەورە و بـە برشـتە لـە سێ تـەوەر پێکهاتـووە (نووسـەر هـەر تـەوەرەی بـە کتێبێـک داناوە)، هـەر تـەوەرەش لـە سێ بـەش، کـە ئـەو بـە (بـاب نـاوی بـردووە) پێـک دێـت.

بەو جۆرە:

**یەک: تەوەری یەکەم:**

خەلافەت و ئیسلام.

- بەشی یەکەم:

خەلافەت و سروشتەکەی.

- بەشی دووەم:

حوکمڕانی خەلیفە.

- بەشی سێیەم:

خەلافەت لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە.

**دوو: تەوەری دووەم:**

حوکمڕانی و ئیسلام.

- بەشی یەکەم:

ڕژێمی حوکمڕانی لە سەردەمی پەیامبەردا.

- بەشی دووەم:

پەیام و حوکمڕانی.

- بەشی سێیەم:

پەیامـە، حوکمڕانـی نییـە - ئایینـە، دەوڵـەت نییـە.

**سێ: تەوەری سێیەم**

خەلافەت و حوکمڕانی لە مێژوودا

- بەشی یەکەم:

یەکڕەنگی ئایینی و عەرەب.

- بەشی دووەم:

دەوڵەتی عەرەب.

- بەشی سێیەم:

خەلافەتی ئیسلام.

شێخی ئەزهـەری لـەو شاکارەیدا سـەرکەوتووانە چەمکـی خەلافەتـی داوەتـە بـەر ڕەخنـە و لـە چوارچێـوە ئایینییەکـەی دەری هێنـاوە و خسـتوویەتییە نێـو کایـە ڕاسـتەقینەکەی خـۆی: سیاسـەت، نـەک ئاییـن، ئەمـەش بـۆ یەکـەم جـار لـە جیهانـی عـەرەب و ئیسـلام هەنگاوێکـی دلێرانەیـە بـۆ لـە یەکتـری جیاکردنـەوەی ئاییـن و دەوڵــەت هەڵدەگیـرێ.

ڕاسـتە هـەر لـە سـەرەتاوە دەسـتی ڕەشـی تاریکخـوازان بـێ بەزەییانـە هەوڵـی زینـدە بـە چـاڵ کردنیـان داوە، بـەڵام بەرهەمەکـە لـە خۆیـدا درێژەپێدانـی پرۆسـەی ڕاپەڕیـن و نوێکردنـەوە و چاکسازی بـووە، کولتـوور و کەلەپـووری بـۆ ماوەیی کـردووە بـە کەرەسـتەی توێژینـەوە، بـەڵام لاری لـەوەش نییـە کـە ڕەهەندێکـی مێژوویی لـە کایـە و سـەردەم هەبـووە و لـە هەلومەرجێکـی دیاریکـراودا چـاوی بـە ژیـان و دنیـا هەڵهێنـاوە و ڕەوشـە مێژووییەکـە بەپێـی ڕێسـا و قانوونەکانـی هەڵکەوتـی لـە ئارادا بـوو، ڕەنگـی سـنووری دەسـتکەوتە بـەدی هاتـوو شـیاوەکییەکانی ڕشـتووە.

- شـێخی ئەزهەری بۆ نووسـینی ئەو توێژینەوەیەی پشـتی بـە چەنـد سـەرچاوەی ئایینـی، زمانەوانـی، مێژوویـی، کۆمەڵایەتـی، سیاسـی بەسـتووە.

بـۆ پشـت ڕاسـتکردنەوەی بۆچوونەکانـی بەپێـی پێویسـت کایـەی نووسـینەکە لـە قورئـان و حەدیس

خواستوویەتییەوە، روونی کردوونەتەوە و لەگەڵ تێکستەکەی خۆیدا زیرەکانە گونجاندوونی و دوای شیکردنەوەیەکی ژیرەکی - لۆژیکیانە گەیشتووەتە ئەنجام و لەو بارەیەوە بڕیار (حوکمی) داوە.

لە تەوەری یەکەم- بەشی یەکەمدا ڕوونی کردووەتەوە، خەلافەت چییە؟ ئیتر وا ڕوونی کردووەتەوە کە خەلافەت لەلای موسڵمانان بەرانبەر بە ئیمامەت دادەنرێ و سەرکردایەتییەکی گشتییە لە کاروباری ئایین و دنیا و بە جێگرەوەی پەیامبەری ئیسلام دادەنرێ و دانراوە. دەبێ لە لایەن تێکڕای ئوممەتەوە گوێ ڕایەڵی بکرێت (٤)، بەڵام لە قورئاندا هیچ کاتێک باسی (خەلیفە) نەکراوە، بەڵکوو لە سورەتی النساء (٤ — ٥٩) قسە لە (اولي الامر) کراوە، ئەمەش هیچ پێوەندی بە خەلیفەوە نییە، بەڵکوو مەبەست لە سەحابە گەورەکان (یاوەرانی پەیامبەرە)، لەو بارەیەشەوە گەڕاوەتەوە بۆ (شرح البیضاوي و (کشافي) زەمەخشەری، ئەوجا بۆ پتر ساغ کردنەوەی بڕیار و بۆچوونەکەی ئاماژە بە هەردوو سورەتی فاتحە... و سورەتی ناس دەدات، بە هیچ جۆرێک ناوی ئیمامەتی گشتی و خەلیفە نەهاتووە (٥). ئیتر دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە خەلافەت سیاسەت و کاروباری دنیاییە، هیچ بنەمایەکی ئایینی بوون و ڕەوایەتی پشت ڕاست ناکەنەوە.

- هەر لە سەرەتاوە لە نێو خەڵکدا بڵاو کراوەتەوە گوایە دەسەڵات و هێزی خەلیفە لە خواوە، یان لە ئوممەتەوە سەرچاوە دەگرێ، بگرە خەلیفە سێبەری خوایە لەسەر زەوی و نموونەی ئەبوو جەعفەری مەنسووری عەبباسی دەهێنێتەوە کە گوتبووی من سوڵتانی خوام لەسەر زەوی، دوای تاووتوو کردنێک و ئاوڕدانەوە لە سەرچاوە مێژوویییەکان کە ڕەوشی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی سەردەمی ئەو جۆرە خەلیفە و سوڵتانانەیان تۆمار کردووە و پشت ئەستوور بە دەقی (پەیامی خەلافەت و دەسەڵاتی ئوممەت کە ئەنجوومەنی باڵای نیشتمانی لە ئەنقەرە بڵاوی کردووەتەوە و عەبدولغەنی سنی بەگ کردوویەتی بە عەرەبی و ساڵی ١٩٢٤ز لە چاپخانەی هیلالی میسر بڵاوکراوەتەوە (٦) دەگاتەوە بڕیاری پێشووی کە ئەو دوو سەرچاوانە کەم تا زۆر پێوەندییان بەو دەسەڵاتەی خەلیفە و سوڵتانەوە نەبووە. ئەو دەنگۆیەش گوایە پەیامبەری ئیسلام تێکۆشاوە مەملەکەتێکی ئیسلامی دابمەزرێنێ، هیچ بەڵگەیەک لەبەردەستدا نییە و لە هیچ سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوەوە پشت ڕاست نەکراوەتەوە، ئەو بۆچوونە دەربارەی پەیامبەری ئیسلام لە (ئیجتیهادی زاناکان) بەو لاوە هیچی تر نییە!

ئەوەی پەیامبەری ئیسلام کردوویەتی پێوەندی بە موڵک و سامان و ماڵەوە نەبووە و کاروباری دنیای بەو جۆرە لەبەرچاو نەبووە، بەڵکوو: ئەگەر بە وردی سەرنجی ژیاننامە (سیرەی) پەیامبەر بدرێت، دەردەکەوێت کە ئەوەی ئەو کردوویەتی بە مەبەستی جێگیرکردنی بنەماکانی ئایین و (دەعوە) بووە، سەیریش نەبووە کە وەک ئامرازێکی گەیشتنە مەبەست پەنای بۆ جەنگی پیرۆز (غەزا — جیهاد) بردبێ (٧).

٥- بە لای شێخی ئەزهەرییەوە لە هیچ کات و سەردەمێکدا دەسەڵاتی ئایینی ئیسلام ڕەهەند و دەسەڵاتی سیاسی تێدا نەبووە و نەیگرتووەتە خۆی، چونکە ئەو بڕیارە بە پێچەوانەی واتای پەیامەکە و سروشتی بانگەشەی ئایینەکە بووە، مەبەست هیچ کاتێک دانانی پایەکانی دەوڵەت و حوکمڕانی نەبووە، شێخ گوتوویەتی:

پەیامی ئیسلام بەلای ڕاگەیاندن (تەبلیغ)دا بووە نەک پڕاکتیکی: بۆ نموونە ئەگەر پەیامبەری ئیسلام نیازی سیاسی و دامەزراندنی دەوڵەتی سیاسی هەبووایە، دەبوو بەلای کەمەوە چەند نوێنەر و کاربەدەست و سەرکردە و دامودەزگای هەمەجۆر و (وەزیر)، ئەگەر بشێ ئەو وشەیە بۆ ئەو سەردەمە بەکاربێت! ناویان هاتبایە و لە سەرچاوە مێژووییەکاندا قسەیان لێ کرابایە. لە هیچ سەرچاوەیەک ئەو پێکهاتە سەرەکییانەی دەوڵەت بە مرۆڤ و دامەزراوەکانەوە (٨)، لە سەردەمی پەیامبەری ئیسلام ناویان نەهاتووە و نەبیستراون و نەزانراون! کەوابوو ئەوەی ئیسلام هێناویەتی و پەیامبەری موسڵمانان پەیڕەوی کردووە لە نەزم و بنەما (ئسووڵ) و ڕێسا و پەرستن و نەخشەڕێگا و دابونەریت و ئاداب کەم تا زۆر فریان بەسەر شێوازی حوکمڕانییەوە نەبووە! تەنانەت لە حەدیسێکدا هاتووە دەڵێ: ئێوە خۆتان لە کاروباری دنیا باشتر دەزانن (انتم ادری بامور دنیاکم).

- بەو پێیە ڕابەرایەتی پەیامبەری ئیسلام، تەنیا ڕابەرایەتییەکی ئایینی بووە کە بە ڕێگای پەیام (سرووش – وەحی) بۆی هاتووە. ئەو ڕابەرایەتییە بە پەیام و سرووش پشت ئەستوور بووە، بەڵام لە بەرانبەر ئەمەدا ڕابەرایەتی سیاسی دێت کە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ پەیامی ئایین و سرووشدا نایەتەوە.

دوای کۆچی دوایی پەیامبەری ئیسلام، هیچ کەس لە ڕابەرێتی ئاییندا جێگەی نەگرتەوە و نەدەکرا کەسێک لە دوای ئەوەوە پەیامەکەی بگرێتە ئەستۆ.

- هەر چوار خەلیفەکە (ئەبووبەکر، عومەر، عوسمان، عەلی) ڕابەری ئایینی نەبوون، بەڵکوو سەرکردەیەکی سیاسی (سیڤیل) بوون، سوڵتان و سەرەک حکوومەت بوون، هیچیشیان بە دەنگی گەل و هەڵبژاردنی گشتی نەبوون بە خەلیفە، بەڵکوو ئەو پلەوپایەی بە دەستیان هێناوە مایەی کێشە و بەرەیەکی زۆر و زەبەندە بووە. ئەگەر ئایین عەرەب و موسڵمانانی یەک خستبێ و بووبێ بەمایەی یەکگرتنیان، ئەوە سیاسەت پەرشوبڵاوی و جیاوازی و کەرت بوون و جیابوونەوەی لەگەڵ خۆیدا بۆ هێناون! ئەو پەرشوبڵاوی و ناکۆکی و جیاوازییەی نێوانیان بە ئاشکرا لە دیاردەکانی ژیانی شارستانی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیدا ڕەنگی داوەتەوە (٩).

- جەنگی خوێناوی نێوان لایەنگرانی خەلیفەی چوارەم و معاویەی بەنی ئومەییە لەسەر کورسی و سیاسەت و کاروباری دنیا بووە و دوور بووە لە هۆکاری ئایینی، تەنانەت مەسعوودی لە (مروج الذهب)دا گوتوویەتی معاویە خەلیفە نەبووە، بەڵکوو یەکەم شا (مەلیک) بووە لە ئیسلامدا و تێکچوون و لەبەر یەکچوونی ئایینەکە معاویە خۆی و دەسەڵاتەکەی هۆکاری بوون.

خۆ ئەگەر قسە لە دەوڵەتی ئیسلامی بەنی ئومەییە و عەباسییەکان دەکرێ ئەوە ناگەینێ کە ئەو دەوڵەتانە بە بنەما و ڕێنمایی و شەریعەتی ئایینەکەوە پابەند بوون، بەڵکوو ئەو دەوڵەتانە ڕەهەندی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییان هەیە، کاتێک ئایینی ئیسلام لە دوورگەی عەرەب هاتووەتە دەرێ و لە وڵاتانی دەوروبەر و لەنێو میللەتانی تر کە عەرەب نەبوون بڵاو بووەتەوە، ئەوە فراوان بوونی پانتایی و قەڵەم و دەڤەری موسڵمانان، پێویستی بە بوونی دەسەڵاتێکی سیاسی و ئابووری و بەڕێوەبەریی ئاسایش کردووە، ئەمە هۆکاری دروست بوونی حوکمڕانی ئەو میر و سوڵتانانە بووە، نەک ئایین و بنەماکانی!

- شـێخ عەلـی عەبدولـڕەزاق لـە کۆتایـی توێژینەوەکەیدا بەڵگەیەکی سـەردەمی ئەبووبەکری هێناوەتـەوە بۆچوونەکـەی خـۆی پـێ پشـت ڕاسـت کردووەتـەوە کـە خەلافـەت هـەر لـە سـەرەتاوە ڕەهەنـد و لایەنـی سیاسـی دوور لـە ئایینـەوەی هەبووە. شێخ گوتوویەتـی: لـە مشـتومڕی دەنگدان و هەڵبژاردنـی (بەیعـەت)ی ئەبووبەکردا، دەمەقاڵـێ و کێشـە لـە نێـوان (ئەنسـار و موهاجیرەکانـدا) سـەری هەڵـداوە:

ئەنسار بـە موهاجیرەکانیـان وتـووە: (میرێک لـە ئێمـە و لـە ئێوەش میرێـک) بێت، کەچی ئەبووبەکر هاتووەتـە قسـە و گوتوویەتـی: لـە ئێمـەوە میـر و لـە ئێـوە وەزیـرەکان (١٠). شـێخ ئـەو دەقـەی لـە مێـژووی تەبـەری، ج٣ ل١٩٧ وەگرتـووە وەک بەڵگـە و بنەمـا ئاسـا پشـتی پـێ بەسـتووە.

بـەو پێیـە دروسـت بوونـی دەوڵـەت و خەلافـەت لەنێو عەرەب و جیهانی ئیسلامدا ڕەهەندی سیاسـی و ئابـووری و کۆمەلایەتـی هەبـووە، ئـەو ڕەهەنـدە هەمەڕەنگـە لـە فـراوان بوونـی قەڵەمـڕەوی جیهانـی نوێـی ئایینەکـە و بڵاوبونـەوەی لە نێـوان میللەتانی دیکـەدا هۆکارەکـە بـووە و بـە هیـچ جۆرێـک ئـەو ڕەوشـە لە سروشـتی ئایینی ئیسـلامەوە سـەرچاوەی نەگرتـووە و نەکەوتووەتـەوە. ڕاسـتە سـەرکردە و سـوڵتان و میرەکان بـە ئاییـن ئیسـلام بـوون، بەڵام لـە دامەزراندنـی دەوڵـەت و بەڕێوبردنـی دەفـەر و قەڵەمڕەوەکـەدا، وەک ئامرازێـک پەرەسـەندن و ڕەوتـی مێـژوو سـەپاندوویەتی، ئیتـر ئیجتیهادەکـەی شێخ عەلـی عەبدولڕەزاقـی ئەزهـەری ڕاستودروسـت بـووە:

- ئیسلام پەیامە، حوکمڕانی نییە.
- ئایینە، دەوڵەت نییە.

ڕاسـتە ئـەو توێژینـەوە ئـازادە شـێخی ئەزهەریـی خسـتووەتە سـەر سـاجی عەلـی و لـە ژیانـدا ماڵوێـران و سـەرگەردانی کـردووە، بـەڵام نـاو و ناوبانگی جیهانی و نەمری هەتـا هەتایی لـە یادی پێشکەوتنخواز و ڕۆشنبیراندا بۆی دەستەبەر بووە.

شـێخی پایەبـەرزی ئەزهـەری شـادڕەوان شـێخ عەلـی عەبدولـڕەزاق جێـگای شـانازی گشـت مرۆڤێکی پێشکەوتنخوازی دنیایە، بەو کۆششـەی قسـەکەی (هیـگڵ)ی پشـت ڕاسـت کردووەتـەوە: ئـەو دەسـتەی زامـدارت دەکات، دەبـێ ئـەو دەسـتە خـۆی برینەکـەت سـاڕێژ بـکات.

**سەرچاوە و پەراوێز:**

١ – د. محمـد عمـارة: كتـاب الإسـلام واصـول الحكـم علـي عبدالـرزاق، بيـروت، ١٩٧٢، ص٢١ وفـي اماكـن اخـرى.

٢ – الشـيخ علـي عبدالـرزاق: الإسـلام واصـول الحكـم بيـروت ١٩٧٢، ص١٥٤ وفـي صفحـات اخـرى.

٣ – وردەکاری ئـەو بڕیـارە وەک دەقێـک د. محمـد عمـارة، لەگـەڵ کتێبەکـەی شـێخ عەلـی عەبدولـڕەزاق: ئیسلام و بنەماکانی حوکمڕانی، چاپی بەیرووت، ساڵی ١٩٧٢، ل٧٢ بـەدواوە، بـڵاوی کردووەتـەوە.

٤ – علـي عبدالـرزاق: سـەرچاوەکە خـۆی: ل١١٣ و دواتـر.

٥- علي عبدالرزاق: سەرچاوەکە خۆی: ل١٢٣.

٦- علـي عبدالـرزاق: سـەرچاوەکە خـۆی: ل١٢٠ و لـە جێـگای تـردا.

٧- علي عبدالرزاق: سەرچاوەکە خۆی: ل٨٠.

٨- علي عبدالرزاق: سەرچاوەکە خۆی: ل٥٠.

٩- علي عبدالرزاق: سەرچاوەکە خۆی: ل١٧٠.

١٠- علي عبدالرزاق: سەرچاوەکە خۆی: ل١٧٥.